# پیاو و ژن کامیان مافی ئەوەیان هەیە مناڵەکانیان بەخێو بکەن پاش تەڵاقدان

[ کردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حق الحضانة للأب أم الأم في حالة الطلاق ﴾

« باللغة الكردية »


فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# پیاو و ژن کامیان مافی ئەوەیان هەیە منداڵەکانیان بەخێو بکەن پاش تەڵاقدان

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار :** من ئافرەتێکم پیاوەکەم تەڵاقی داوم وخاوەنی کچ وکوڕێکین، کوڕەکە تەمەنی سێ ساڵە و کچەکەیش تەمەنی یەك ساڵە، ئایا من هەقی بەخێوکردنی منالەکانم هەیە یان باوکیان ؟

**وەڵام :** لەحاڵەتی تەڵاقدا هەقی بەخێوکردنی منداڵ تا تەمەنیان دەگاتە حەوت ساڵ دایکیان خاوەن هەقە کە بەخێویان بکات ولای بمێننەوە، بەمەرجێك ئەگەر شووی نەکردبێتەوە، ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیەیە : عن عبد الله بن عمرو رضي الله عنهما أن امرأة قالت : يا رسول الله ، إن ابني هذا كان بطني له وعاء ، وثديي له سقاء ، وحجري له حواء ، وإن أباه طلقني وأراد أن ينتزعه مني ، فقال لها رسول الله (صلى الله عليه وسلم ): «أنت أحق به ما لم تنكحي» [

رواه أحمد (٦٧٠٧) وأبو داود (٢٢٧٦) حسنه الألباني في صحيح أبي داود] واتـه :
ئافرەتێك ووتـی : ئـەی پێغـەمبـەری خوا ئـەم كوڕەم سكم دەفر بوو بۆی، وە مـەمكم كونـە بوو بۆی، وە باوەشم ئارامگـە بوو بۆی، باوكی تـەڵاقی داوم و ئێستا ئـەیـەوێت لێم بسێنێتـەوە، پێغـەمبـەر (صلـی اللـه علیه وسلم ) پێـی فـەرموو : تۆ خاوەن هـەقـی بۆ بـەخێوكردنـی ئـەگـەر شووت نـەكردبێتـەوە .

جا ئـەگـەر كوڕ تـەمـەنـی گـەشتـە حـەوت ساڵ ئـەو كاتـە سـەرپشك دەكرێت لـەنێوان دایكی و باوكیدا، هـەركـەمێكیانـی هـەڵبژارد ئـەوە لای ئـەوەیان دەمێنێتـەوە وبـەخێوی دەكات، بـەڵام بـەنسبـەت كچـەوە زانایان ڕایان جیاوازە :

ئیمامی شافعی ڕای وایـە : كچیش بـەهـەمان شێوەی كوڕ دوای حـەوت ساڵـەكـە سـەرپشك دەكرێت ولای كامیانـی پێ خۆش بوو ئـەوە لای ئـەو دەمێنێتـەوە.

ئیمامی ئەبو حەنیفەش ڕای وایە : دایکی بەهەقترە بۆ بەخێوکردنی کچەکەی تا ئەو کاتەی دەیدا بەشوو یان دەکەوێتە سووڕی مانگانەوە .

ئیمامی مالیك ئەڵێت : دایك بەهەق ترە بۆ بەخێوکردنی کچ تا ئەو کاتەی دەیدا بەشوو، وە پیاوەکەی دەچێتە لای .

ئیمامی ئەحمەدیش ڕای وایە : کە باوك بەهەق ترە بۆ بەخێوکردنی، چونکە باوك زیاتر دەتوانێت بیپارێزێت {بۆ ئەم مەسئەلەیە دەتوانیت سەیری "الموسوعة الفقهیة" (بەرگی١٧/لاپەڕە ٣١٤- ٣١٧) بکەیت}

ڕای دروستیش لەم مەسئەلەیەدا کەوتوەتە دەست قازی شەرعی، بۆیە قازی ئەو کەسە دەستنیشان دەکات کە هەقی زیاترە کە کچ گەیشتە حەوت ساڵ بەخێوی بکات، جا ئایا باوکەکەیە یان دایکیەتی، چونکە لەم مەسئەلەیەدا دەقێکی صەریح وڕاستەوخۆمان نییە لە سوننەتدا دەست نیشانی ئەوە

بکات که کچ گەشتە حەوت ساڵ کام لەدایك و باوك مافی ئەوەیان هەیە بەخێوی بکەن .

خوای گەورە زاناترە .